www.kurdistannet.org
20-1-2006 0:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەنفلەوەنزای کەڵەشێر ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. Com

خوالێخۆشبوو شەنگین عبدالقادر ئەو کچە ناسکۆڵە ڕانیەییە بوو، کە ئەجەلی مەرگبڕ لە نێو باوەشی دایکی فڕاند، مردنی ئەو ئاسایی نەبوو بەڵکو خاڵی دڵەڕاوکێی تەندروست ناسانی کوردستان بەتایبەتی و هاوڵاتیان بوو، تا ئەو لەحزەیەش نەزانراوە شەنگین خان هەڵگری ڤایرۆسی H5N1 * بووە یان نا؟ بەڵام باوەڕناکەم لە هەموو کوردستان دەرمانی (TAMILGO) ** بەدەست بکەوێت.
تورکیا کە نەیتوانیوە نەخۆشیی کورد چارەسەربکات بۆ ئەوەی پێی بپەڕێتەوە ئەوروپا کە لەژێردەسەڵاتی خۆیەتی،بڕواناکەم ئێستا بتوانێت چارەسەری ئەو ئافاتە لەخۆی وەدوورخاتەوە کە دانەیەکی لەو نەخۆشیە بە دیاری بۆ ڕانیە کردووە (ئەگەر خوانەخواستە ئەوەی شەنگین خان بچێتە ژێریەوە) .
کورد بەدرێژایی مێژوو ئەوەندەی قوربانی داوە، باوەڕناکەم ئەوەندە لەو نەخۆشیە بترسێت،دەنا لە هەولێر تا ئێستاش ساندەویچی مریشك ڕەواجی خۆی لەسەرە.
لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی لەمەڕ خۆمان (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە) هاوڵاتیان هووشیاردەکرێنەوە بۆ خۆپاراستن لەو نەخۆشیە، کەچی بەزم لەوەدایە هەمیشە ئاگادارییەکان دژی مریشکە (مامر بە کەرکووکی) نەك دژی کەڵەشێر، ئەری فەرمانگەی تەندروستیی بەبی ئاگایی وادەنووسێت،یان بەڕاست ئەو نەخۆشیە تەنها مریشك دەگرێتەوە، هەقە بەرگریکاران لەمافی مێ هەڵوێستێکیان دژی وەزارەتی تەندروستیی هەبێت.
مەلایەك کە هەمیشە لە دوعاکانی دەڵێت ( (خوایە لە دەردو بەڵاو تاعوونمان دوورخەیەوە)) پێشنیاردەکەم ( (تاعوون) ) بۆ ( (ئەنفلەوەنزای باڵندە) ) بگۆڕێت چونکە ئەوەی یەکەمیان لەسایەی تەکنەلۆجیای نوێی تەندروستی بۆتە یادگاری گێڕانەوە.
نووسینەکانی دکتۆر کەمال بەرزنجی کە وەکو نەخۆشیی ئەنفلەوەنزای باڵندە بووە، بۆ کۆمەڵێك خەڵکی تر گواسترایەوە،تەنها ڕێگە چارە بۆ دەربازبوون لە لەو نەخۆشیە سووتاندنی نووسینەکانیانە.
پێدەچێت لەگەڵ نەمانی دڵەڕاوکێی کوردان بە تووش نەبوونیان بەو نەخۆشیە لە کوردستان، دکتۆر کەمالیش ئازاد بکرێت.
* ئەو ڤایرۆسەی هۆکاری نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندەیە.
** تاکە دەرمانە کە توانرابێت دۆزرابێتەوە بۆ بەرەنگاریەکی زۆر کورتی ئەو نەخۆشیە.